حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی چوارەم

**دانانی**

فاروق محمد علي عباس | عبدالجبار محمد شریف
خواجه طه شاهین | حسن محمد شریف

**وەرگێڕانی له زمانی عەرەبییەوە**

صادق عثمان عارف

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. بشیر خلیل توفیق | ابوبکر علی کاروانی

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

صادق احمد عثمان

**سەرپەرشتی زانستی چاپ:** کريم حسن علي

**سەرپەرشتی هونەری چاپ:** خالد سليم محمود

**نەخشەسازی ناوەوە:** يوسف احمد اسماعيل

**نەخشەسازی بەرگ:** رەوەند سعيد صابر

**تایپ:** سەردار مصطفى محمد

**فۆتۆ:** شێرزاد رسول فقي

**جێبەجێکردنی بژاری هونەری :** نێرگز نورالدين کاکە مصطفى

چاپی حەوتەم

١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ کوردی

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### پێشەکی:

سوپاس بۆ خودای خاوەن هەمو شتێك، درود و سڵاو لە گەورەی نێردراوان محەمەد (د.خ) و لە کەسوکار و یارە باشەکانی و ئەوانەی دوای کەوتون تا ڕۆژی پەسڵان.

وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشی ڕەخساند بۆ خزمەتکردنی ڕۆڵە سەربەرزەکانی بە دانانی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ قۆناغی بنەڕەتی.

لێژنەکە بە باشی زانی کۆمەڵێك دەقی قورئان و فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) و هەندێك شوێنی پەرستگەی تێدابێت و ئەم بابەتانە بەگوێرەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) پێشکەشکراون و لە ڕاڤەی فەرمودە و دەقەکاندا ڕەچاوی ڕونی و بەردەستخستنی شوێنەکانی مەزنیمان کردوە و بەستنەوەی ئەم ڕێنماییە بەرزانە بەژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەمان.

ئەمە هەندێك ئەرکمانە بەرانبەر نەوەکانمان. بەڵام مامۆستا بەڕێزەکان ئەوان ئەرکی خۆیان باشتر دەزانن و لەسەر شوێنی بەرپرسیارییەتیان داکۆکی زیاتر دەکەن و ئەوان بروایان بەوەیە کە دەیلێنەوە بە شێوەیەکی بابەتی و زانستیانە دوور لە دەرچون بۆ بابەتی تر و زێدەڕۆیی و پشت دەبەستێت بە ڕێگەی گفتوگۆ و وتوویژ و چالاکی ئاسانی گونجاو لەگەڵ ژیانی قوتابیان.

هەروەها پێویستە تونەدی بەکارنەهێنن بەهەمو جۆرەکانییەوە بەرانبەر قوتابیان لەبەرئەوەی قوتابی لەم قۆناغەدا بونەوەرێکی هەست ناسکە، و ئامانجمان ئەوەیە کە بەشەکانی ئەم کتێبە تێبگات بە شێوەیەکی باش و هەست بە بون و فێرکردن و گفتوگۆی بونیاتنەر و وتوێژ بە ڕەوانی بکات، و ببێتە ئەندامێکی کارا و بەسود بۆخۆی و نیشتمانەکەی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و کۆمەڵی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی.

سوپاسی هەر تێبینیەکی بەنرخ یا بیرۆکەیەکی بنیاتنەر دەکەین کە لە پسپۆر و خاوەن پەیوەندیدارە بەڕێزەکانەوە بە دەستمان بگات تا سودی لێوەربگرین لە چاپەکانی داهاتووی ئەم بەرنامەیەدا.

لەگەڵ ئاواتمان بەسەرکەوتنی هەمولایەك.

**خودا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لیژنەی ئامادەکار**

# وەرزی یەکەم

# وانەی یەکەم

## چەند ڕەوشتێکی موسوڵمان



موسوڵمان / بڕوای بە هەبونی خودای گەورە هەیە، تەنیا ئەو بە بەدیهێنەری گشت بونەوەر دەزانێت بە بینراو و نەبینراوەوە.

موسوڵمان / بڕوای بە ڕۆژی دوایی و زیندوبونەوە و لێپێچینەوە و بەهەشت و دۆزەخ هەیە.

موسوڵمان / گوێڕایەڵە بۆ دایبابی، ڕێز لە مامۆستایانی دەگرێت، هاوکاری مرۆڤەکان دەکات.

موسوڵمان / زمانی دەپارێزێت لە هەر وشەیەکی نامۆ و ناپەسەند.

موسوڵمان / دەستی لە هەر ئازار گەیاندنێك دەپارێزێت.

موسوڵمان / ڕاستوێژە و درۆ ناکات.

پێغەمبەری خودا (د.خ )فەرمویەتی: ( اتق الله حیثما کنت واتبع السیئة الحسنة تمحها وخالق الناس بخلق حسن ).

واتە ( لە هەر بارودۆخێکدا بویت لە خودا بترسە، بە دوای هەر هەڵەیەکیشدا دەستبەجێ چاکەیەك بکە دەیسڕێتەوە و لەگەڵ مرۆڤەکان بە ڕەفتارێکی جوان و باش هەڵسوکەوت بکە).

## چالاکی

**بخوێنەوە و پاشان بنوسە:**

خۆشەویستی خەڵك لە ڕەوشت و ئاکاری منە.

.........................................................................

.........................................................................

.........................................................................

**ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە:**

١ - موسوڵمان بڕوای وایە خودای پەروەردگار..............

٢- موسوڵمان......................... ، ......................... ناکات.

٣- موسوڵمان.................. لە ئازارگەیاندن دەپارێزێت.

٤..................ی دایبابی دەکات و ڕێز لە.................. دەگرێت و هاوکاری.................. دەکات.

**لە هەر بۆشاییەکدا وشەی چاك یان خراپ بە پێی گونجان بنوسە**

١- ڕاستبێژی کارێکی .................. و درۆکردن کارێکی...................

٢- ئازاردانی خەڵك.................. و پاراستنی نهێنی هاوڕێ کارێکی...................ە.

٣- گوێڕایەڵی دایباب کارێکی.................. و یاخی بون لێیان کارێکی.................. ە.

٤- ئازاردانی گیانلەبەر کارێکی.................. و بەزەیی پێداهاتنەوەی کاری..................ە.

٥- دزی و فڕوفێڵ لە کارە.................. و دڵسۆزی لە کارە.................. ە کانە.


## نزا

خودایە..... تا لە ژیاندایین چاکمان بۆبکەی و دوای مردنیش بێبەشمان مەکە لێی، لە سزای ئاگریش بمانپارێزە.

## وانەی دووەم

## لە ناوە پیرۆزەکانی خودا

## ( الرحمن، الملك، القدوس، السلام، العدل).



**( الرحمن ، الملك ، القدوس ، السلام ، العدل )**

هەر یەك لەم ناوانە واتا و چەمكی خۆی هەیە و هەموشیان پیرۆز و جوانن.

**الرحمن/** بە واتای ڕەحمەت، ئەو بەخششەیە بەندەکانی خودا لە دونیادا شایستەی دەبن بۆ هەموان گشتگیرە وەك یەك.

**الملك /** خاوەنی موڵك و دەسەڵات. تەنها خودا خاوەنی هەمو بونەوەرەکانە.

**القدوس /** خاوێن و دور لە هەمو ناشیرنی و وەسفێك كە شایستەی بێگەردی ئەو نەبێت.

**السلام /** ئاشتی بەخشە و دورە لە ناتەواوی و نەنەنگی.

خودا دەفەرموێت: ( هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَـٰمُ )[1]

**العدل /** بێ هاوتایە لە دادوەری.

(١) ئایەتی (٢٣) سورەتی الحشر.

## چالاکی

ئەم دەستەواژە و وشانە بخوێنەوە پاشان بیاننوسە٠

هو الرحمن الرحیم، الملك، القدوس، السلام.

.................................................................................

.................................................................................

.................................................................................

ئەو ناوە پیرۆزانەی خودای گەورە بڵێ کە دەیانزانیت.

چەند بوارێکی بەزەیی و سۆزی خودا بۆ بەندەکانی بژمێرە.



# وانەی سێیەم

## باشترین هاوڕێ



دڵدار قوتابییەکی دڵنەرم و خاوەن هەستە، مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆش دەوێت و کامەرانیان بۆ دەخوازێت. هەر هاوڕێیەکی ناساغ بێت یان پێویستی بە یارمەتی هەبێت بە پیرییەوە دەچێت و هاوکاری دەکات.

جارێك بۆ لای هاوڕێیەکی دەچوو، بە گەنجێکی ناسیاوی گەیشت، لێی پرسی بۆکوێ دەچیت؟

**دڵدار:** سەردانی هاوڕێیەکەم دەکەم.

**گەنجەکە:** دیارە بەرژەوەندییەك لە نێوانتاندا هەیە..

**دڵدار:** نەخێر، قەرزیشم لای نییە..

**گەنجەکە:** کەواتە هۆی سەردانەکەت چییە؟

**دڵدار:** مەرج نییە تەنها بەرژەوەندی تایبەت مرۆڤەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بەڵکو هاوڕێیەتی لای من لەوە پیرۆزترە، من هاوڕێیەکەم زۆر خۆش دەوێت و ڕێز لە نێوانماندا هەیە، ئاینەکەشمان ئاراستەمان دەکات سەردانی هاوڕێ بکەین و لە تەندروستی بپرسین. لە بارەیەوە پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: ( **خیر الاصحاب عند الله خیرهم لصاحبه**)، واتا لای خودا باشترین هاوڕێ ئەو کەسەیە زۆر بە تەنگ هاوڕێکەیەوە بێت.

گەنجەکە: گوتی: ئافەرین تۆ کوڕێکی میهرەبانی، خوداش لەسەر ئەم هەستە بەرزەت پاداشتت دەداتەوە.

## چالاکی

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پربکەوە:

دڵدار کوڕێکی ............ بو، خەڵکی خۆشدەویست و سەردانی............. دەکرد و هیوای................. بۆ دەخواستن.

## گفتوگۆ

١- پەیوەندی نێوان هاوڕێیان، دەبێت چۆن بێت؟

٢- هاوڕێی خراپ کێیە؟

٣- هەندێ سیفات و ئاکاری جوانی هاوڕێیەکەت بڵێ.

نیشانەی ( ڕاست ) یان ( هەڵە ) بۆ هەر بڕگەیەك دابێ:

١- هاوڕێی به وەفا هاوکاریی کەسانی دیکە دەکات.

٢- بەرژەوەندی تایبەت دەکرێتە پێوەر.

٣- پێویستە لە هاوەڵی خراپ بە دور بین.

٤- دەبێت لە هەڵەی هاوڕێ ببورین.

٥- هاوڕێ لە تەنگانەدا دەردەکەوێت.

## چالاکی

بخوێنەوە و پاشان بە جوانی بینوسەوە:

خودایە... لە دایبابم ڕازیی بە و بەختەوەریان بکە.

..............................................................................

..............................................................................

..............................................................................

## نزا

پەروەرگارا...... ئەم وڵاتەمان بۆ ئاوەدان و ئارام بکەیت و لە بەڵا و زیان بیپارێزی

# وانەی چوارەم

## باوەڕهێنان بە خودا



لە کاتێکدا دایکیان باسی بونەوەر و دروستکراوانی خودای بۆ منداڵەکانی دەکرد، کە چۆن هەموی بە یاسا ڕێکخراوە و هەر بەشێك کاری خۆی دەکات و هەموشی لە خزمەتی ئێمەی مرۆڤدایە، لە پڕ یەکێك لە منداڵە بچوکەکان گوتی: دایە گیان ئایا دەتوانین خودا ببینین؟

دایکی وەڵامی دایەوە نەخێر کچی شیرینم، خودا ئێمە دەبینێت بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو ببینین. بەڵکو لەڕێی دروستکراوەکانی و توانا و دەسەڵاتیەوە دەیناسین.

**منداڵ:** هیچ شتێك شێوەی خودای تێدایە؟

**دایك:** نەخێر، هەمیشە. خودا بەدیهێنەری گشت هەبووەکانە، جگە لەو هەمو شتێك بەدیهێنراوە، بە من و تۆ و گشت مرۆڤەکان، گیانەوەران و ڕوەك و دروستکراوەکانی تریشەوە.

خودا دەفەرموێت: (لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ)[١]

واتا هیچ شتێك لە خودا ناچێت و تەنها ئەوە بیسەر و بینەری هەموان.

(١) ئایەتی (١١) سورەتی الشوری.

## چالاکی

ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە:

١- (خودا) ................. هەمو شتێکە.

٢- موسوڵمان تەنها...................... دەپەرستێت.

٣- خودای گەورە....................... لە هەمو جێیەك.

## بینوسەوە

خودای گەورە لە هەمو جێیەك هەیە.

...................................

.................................

....................................

## نزا

پەروەردگارا....... دڵ و دەرونم گوشاد و کارم ئاسان کە



# وانەی پێنجەم

## باوەڕهێنان بە پێغەمبەران و نێردراوانی خودا



ماموستا / قوتابییانی ئازیز: بڕواپێبوون و خۆشەویستی پێغەمبەرانی خودا لەسەرمان پێویست کراوە.

لەو پێغەمبەرانەش: موسا، عیسا، پێغەمبەرمان محەمەد (سەلامی خوایان لێ بێت).

دوا نێردراویش بۆ مرۆڤایەتیی پێغەمبەرمان (محەمەد) (د.خ) وەك لە قۆناغەکانی ڕابردوی خوێندندا فێربوین.

هەریەك لە ئێمە دەزانێت کە کتێبی ڕەوانەکراو لەلایەن خوداوە بۆ پێغەمبەرمان (د.خ) قورئانە.

ئایا دەزانن هەردوو کتێبی موسا و عیسا ناویان چییە؟

**ئەحمەد:** بەڵێ ماموستا..

ماموستا/ چییە؟

**ئەحمەد:** ماموستا تەورات ئەو کتێبەیە کە بۆ حەزرەتی موسا ( سەلامی خوای لێ بێت) هاتوتە خوارەوە.

ماموستا/ ئەی کێ دەزانێ ئەو کتێبەی بۆ حەزرەتی عیسا ( سەلامی خوای لێ بێت) هاتۆتە

خوار ناوی چییه؟

ساره: مامۆستا کتێبی گەورەشمان ( عیسا) سەلامی خوای لێ بێت ناوی ئینجیله.

مامۆستا / ئافەرین، ئایا پێغەمبەرانی دیکەش هەن، جگە لەو پێغەمبەرانەی ناومان هێنان؟

سیزار: بەڵێ، مامۆستا پێغەمبەرانی دیکەش هەبون.

مامۆستا: ئافەرین، دیارە لە مێژوی پێغەمبەران شارەزاییتان هەیە. ئەوەش بزانن لە پێغەمبەران تەنها ناوی (٢٥) یان لە قورئاندا هاتوە

## چالاکی

ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە:

١- خودای گەورە و بێگەرد خۆشەویستی پێغەمبەرانی لەسەر.................... پێویست کردوە.

٢-................ دوا پێغەمبەرە.

٣- خودای گەورە........... ناردۆتە بۆ پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) خوارەوە و کتێبی............. بۆ گەورەمان موسا........... بۆ گەورەمان عیسا ( سەلامی خوایان لێ بێت).

## گفتوگۆ

١- ژمارەی ئەو پیغەمبەرانەی ناویان لە قورئاندا هاتوە، چەندە؟

٢- ناوی هەندێك لەو پێغەمبەرانە بنوسە کە ناویان لە قورئاندا هاتوە.

## نزا

( پەروەردگارا.... لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان، لە بەهەشتدا کۆمان بکەوە )

## وانەی شەشەم

# فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە



فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری لە خراپە یەکێکە لە پایەکانی کۆمەڵێکی پتەو و دروست. ئەمەش ئاینەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. ئاینی ئیسلام بایەخێکی شیاوی بەم بواره داوه وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە. خودا دەفەرموێت:

(وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ)(١)

خودای گەورە بە شێوەی فەرمان، پابەندی بەم پایەیەوە ڕاگەیاندوە.

هەر کۆمەڵێك ئەندامەکانی پابەندی خودا نەبن، بارودۆخیان تێکدەچێت و گەندەڵی

(١) ئایەتی (١٠٤) سورەتی آل عمران.

دەبێتە سیمایان و پشێوی دەیانگرێتەوە. کۆمەڵێکیش فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەنە بنەمای کاریان ئاسودە دەبن و خێر و خۆشی و کامەرانی باڵیان بەسەردا دەکێشێ.

## گفتوگۆ

١- ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە:

لە پایەکانی کۆمەڵی پتەو و بەختەوەر.................... یە و.................... یش بایەخی زۆری پێداوە.

هەروەها.................... تریش بانگەشەیان بۆ کردوە.

٢- پێنج لە کردەوە باشەکان بژمێرە.

٣- پێنج کردەوەی ناپەسەند بڵێ.

## بینوسەوە

بینوسەوە: خودا دەفەرموێت:

( كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ )

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

## نزا

پەروەردگارا.... لەبیرچون و هەڵەکانمان لێ مەگرە و بمانبەخشە

# وانەی حەوتەم

## (فەتح) ڕزگارکردنی مەککە



مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی سەبارەت بە ڕزگارکردنی مەککە بە قوتابییانی گوت:

مەککەی پیرۆز، ئەو شارەیە کە پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) تێیدا لە دایك بووە. ئەوسا مەککە لەژێر دەسەڵاتی قورەیشییە بێباوەڕەکاندا بوو، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامەوە زۆر ئازاری پەیڕەوانی ئەم ئاینەیان دەدا، هەر ئەمەش بووە هۆی کۆچکردنی موسوڵمانان لە مەککە بۆ ( یثرب) شاری (المدینة المنورة). پاشان سەر لە نوێ لەلایەن پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی لە ساڵی هەشتی کۆچیدا مەککە ڕزگار کرا و پاککرایەوە لە چەپەڵی بێباوەڕان. بەو بۆنەیەشەوە خوای گەورە سورەتی ( النصر)ی ناردە خوارەوە بۆ محەمەد (د.خ) و فەرمانی پێکرد سوپاسی بکات بۆ بەخششی ڕزگاربونی مەککە و سەرکەوتنی هێزی باوەڕ بەسەر بێباوەڕیدا. لێرەدا ( نیگار) لە مامۆستای پرسی:

ئایا دانیشتوانی مەککە باوەڕیان بەو ئاینە نوێیە هێنا کە (ئیسلام) بو؟

مامۆستا: بەڵێ نەك هەر ئەوان، بەڵکو لە گشت هۆز و تیرەکانەوە و لە هەمو لایەکەوە خەڵکی بە کۆمەڵ ڕویان دەکردە مەککە بۆ ڕاگەیاندنی پەیوەندیان بە ئاینی ئیسلامەوە کە بە ڕوداوێکی مێژویی هەرە گرنگیان دەزانی.

# سورەتی (النصر)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ (١) وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا (٢)

فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا (٣)

## گفتوگۆ

ناوی سورەتەکە بڵێ - بۆچی ئەو ناوەی لێنرا؟

دوای ڕزگارکردنی مەککە، خوای گەورە چ فەرمانێکی بە پێغەمبەر (د.خ) کرد؟

کەی خودای پەروەردگار لە کارەکانیاندا کۆمەکی بەندەکانی دەکات ؟

ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:

زۆرێك لە ......................... دەهاتنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

پێغەمبەرمان محەمەد ( د.خ) دەیفەرمو: سوپاس بۆ خودا لەسەر ...................

سورەتی ................. بە بۆنەی ڕزگارکردنی مەککە هاتە خوارەوە.

مەککە ئەو شارە بوو کە ..................... ی تێدا لە دایك بووە.

## نزا

پەروەردگارا.... بەسەر دوژمناندا سەرمان بخە.

# وانەی هەشتەم

## سورەتی قورەیش

**سـواره** لای باوکـی دانیشـتبوو کـه قورئانـی دەخوێنـد، کاتێـك گەیشـتە ( رحلـة الشـتاء و الصیـف ) لـە سـورەتی ( قورەیـش) لـە باوکـی پرسـی: واتـای ئـەو دەسـتەواژەیە چییـە؟ باوکـی گوتـی: تیـرەی قورەیشـی کەسـوکاری پێغەمبـەر (د.خ) لـە زسـتاندا بـەرەو خاکـی یەمـەن و لـە هاوینـدا بـۆ شـام دەڕۆیشـتن بـۆ بازرگانیکـردن.

لـە چـون و گەڕانـەوەدا کـەس ڕێـی لـێ نەدەگرتـن، ئـەو ئاراميیـەش بەخششـێکی خـودا بـو. لـە خاکـی خۆشـياندا هيـچ ترسـيان لـە کـەس نەبـوو، سـامانيان پارێـزراو بـوو، ئایـا دەزانـی خـودای گـەورە لـە بەرانبـەردا داوای چـی لێکـردن؟ سـوارە: بابـە گيـان بـۆم بـاس بکـە دڵـم لای قسـەکانتە.

**باوکی**: خوا داوای دو کاری لێکردن:

١- سوپاسی بکەن لەسەر بەخششەکانی بۆ ئەوەی بۆیان زیاتر بکات.

٢- تەنها خـوا بپەرسـتن، خـودای کەعبـە کـە تەنهـا و بـێ هاوەڵـە، ئەمـەش لـە سـورەتی قورەیشـدا کـە دەفەرموێـت:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ (١) إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ (٢)

فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ (٣) ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ (٤)

## گفتوگۆ

١- خودای گەورە کام بەخششی به قوڕەیشییەکان دابوو؟
٢- مرۆڤ لەسەر چی سوپاسی خودا دەکات؟
ئەمەی خوارەوە تەواو بکە:
تیرەی ................ سەرقاڵی بازرگانی بون بۆ شام لە وەرزی ................ دا و بۆ یەمەن لە وەرزی ....................

## بینوسەوە

خودایە....... ئەم وڵاتەمان ئاسودە و ئارام بکە.
............................................
............................................
............................................

## نزا

خودایە.... لەپای یادکردن و سوپاسگوزاری و پەرستنی جوان، کۆمەکمان بکە.



# وانەی نۆیەم

## سورەتی ( الماعون )

منداڵە بچوکەکان دەوری داپیرەیان دابوو بۆ گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکانی، سەبارەت بە تێرکردنی هەژاران، مامەڵەی جوان لەگەڵ بێ باوکان و کاری چاکە و بەجێهێنانی نوێژەکان لە کاتی خۆیاندا. یەکێك لە منداڵەکان پێیداگرت لەسەر باسی بێ باوکان، بۆیە نەنکی زیاتر ڕونیکردەوە و پێگوتن: پێغەمبەرمان محەمەد (دخ) بێ باوك گەورە بوو، ئەوە دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام پێویستە بە چاکی و میهرەبانی ڕەفتار لەگەڵ بێ دایباب بکەین. وەك خودای گەورە لە سورەتی ( الماعون ) دا دەفەرموێت:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ (١) فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ (٢)
وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ (٣) فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ (٤) ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ
(٥) ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ (٦) وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ (٧)

## گفتوگۆ

ئـ /١- ناوی سورەتەکە چییە؟

٢- هەتیو کێیە و پێویستە لەگەڵیدا ڕەفتارمان چۆن بێت؟

٣- ئەرکی سەرشانی موسوڵمان بەرانبەر بەهەژار و بێنەوایان چییە؟

٤- سەرەنجامی کەسێك ڕێگری لە کاری چاکە بکات چییە؟

ب/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە یەکێك لە وشەکانی ناو ئەم کەوانەیە پڕ بکەوە:

( ڕۆژی دوایی، گەردن کەچ دەکات، بێباوەڕ، چاکە دەکات )

١- موسوڵمان لە نوێژدا................. بۆ خودا.

٢- موسوڵمان باوەڕی بە................. هەیە.

٣- ................. ڕۆژی دوایی بە درۆ دەزانێت.

٤- موسوڵمان تەنها لە ڕێی خودادا کاری....................


## نزا

بڵێ خودایە...............زانستم زیاد بکە



# وەرزی دووەم


# ئاو لە زێڕ بە نرخترە



## وانەی دەیەم

# ئیسلام ئاینی بەزەیی پێهاتنەوە

## بەسەرهاتی سەگێکی تینو



لەسـەردەمێکی کۆنـدا پیاوێـك کـە زۆر حـەزی لـە گەشـت بـوو، ڕۆژێـك لـە ماڵ بـەرەو جێگایەکی دور دەرچـوو. لەڕێـگادا ئـاوی لێبڕا، تینوێتـی زۆری بـۆ دێنـێ، زۆر ئەمـلا و ئـەولا دەکات، بـۆ دۆزینـەوەی سـەرچاوەیەکی ئـاو، لـە پـڕ بیـرە ئاوێـك بەدیـدەکات.

دادەبەزێتـە ناوبیرەکـە تـا ئـاو بخواتـەوەو تینوێتـی بشـکێت. بـەڵام کاتێـك کـە دێتـە دەر دەبینـێ سـەگێکی تینـو، لـە تینوەتیـا خـۆڵ دەلێسـێتەوە تـا بەهـۆی شـێداری خۆڵەکـەوە کەمێـك لـە تینوەتـی بشـکێ..!

ئـەم دیمەنـە پیاوەکـەی زۆر دڵگـران کـرد و بەڕادەیـەك هێنایـە جـۆش و خـرۆش، چونکـە دەیزانـی تینوەتـی چەنـدە کاریگـەرە، بۆیـە بڕیـار دەدات جارێکـی دیکـە ئـەو سەرکێشـیە بـکات و دابەزێتـە قوڵایـی بیرەکـە و بـە تاکـێ پێـڵاوی خـۆی ئـاو بـۆ ئـەو گیانلەبـەرە دەربێنـێ تـا تێـر ئـاو دەخـوات و لـە عەزابـی تینوەتـی ڕزگاری بـکات. بـەم کارە جوانـەی کەوتـە بـەر سـۆز و بەزەیـی و لێخۆشـبونی خـودای میهرەبـان.

**پەند لەم بەسەرهاتە:**

١- دەبێـت مرۆڤـی موسـوڵمان بـە سـۆز و بەزەیـی بێـت بەیـەك ئاسـت لەگـەڵ خەڵـك و گیانەوەرانـی تـر.

٢- هەردەم سوپاسگوزاری خودا بێت لەسەر بەخششەکانی کە ناژمێردرێن.

٣- کـردەوەی بـاش بـا کـەم و سـادەش بێـت، پاداشـتی گـەورە و چونـە بەهەشـتی لێدەکەوێتـەوە. پێغەمبەرمـان محەمـەد (د.خ) فەرمویەتـی: ( **مـن نفَّـس عـن مؤمـن کربة من کرب الدنیا نفَّس الله عنه کربة من کرب یوم القیامة** ). واتـا: هەرکەسێك باوەڕدارێـك لـە تەنگانەیەکـی ژیانـی دونیـا ڕزگار بـکات، خـودای پـەروەرگار لـە کۆسـپێکی ڕۆژی دوایـی ڕزگاری دەکات.



## گفتوگۆ

١- ئەگـەر مرۆڤێـك یـان گیانەوەرێكـی دیكـە لـە تەنگانـەدا بـوو، دەبێـت چـی بكەیـن بەرانبـەری؟

٢- ئایا ئەو پیاوەی ئاوی دا بە سەگەكە پاداشتی خێری لە خودا دەستكەوت؟

٣- چەنـد نمونەیەكـی سـادە لەسـەر سـۆز و بەزەیـی بـە خەڵـك و گیانەوەرانـی دیكـەدا بهێنەوە.

بەم وشانەی خوارەوە بۆشاییەكان پڕ بكەوە:

( كردەوەی باش، نەرم ونیانە، میهرەبان، كرداری بەد، سۆز و بەزەیی ).

١- موسوڵمان هەمیشە................. لەگەڵ كەسانی دیكەدا.

٢- خـودا مرۆڤـی خۆشـدەوێت................. بـكات و ئەوانـەی خۆشـناوێت كـە................. دەكات.

٣- ئاینی ئیسلام خوازیاری................. یە لەگەڵ ئاژەڵاندا.

٤- پێغەمبەری خودا (د.خ) نمونەی پێشەوا بوو لە................. دا.

## بینوسەوە

( میهرەبـان بـن لەگـەڵ ئەوانـەی لەسـەر زەویـن، ئـەوەی لـە ئاسـماندایە بـە بەزەیـی دەبێـت لەگەڵتانـدا ).

# وانەی یازدەیەم

## ژیاننامەی پێغەمبەری مەزن محەمەد (د.خ)



پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) لە ساڵی ( الفیل) لە شاری مەککەی پیرۆز لە دایك بووەو بە هەتیوی گەورە بووە، چونکە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیب کە باوکی بوو، پێش هاتنە دنیای محەمەد کۆچی دوایی کردبوو. پاشان دایکیشی (ئامینە)ی کچی (وەهەب) کۆچی دوایی کرد، کە هێشتا تەمەنی ( ٦ ) ساڵان بوو.

دوای ئەوە (عەبدولموتەڵیب)ی باپیری سەرپەرشتی کرد، کە تەمەنی گەیشتە ( ٨ ) ساڵی ئەویش کۆچی دوایی کرد، مامی کە ناوی ( ئەبو تاڵب) بوو بردییە لای خۆی و گەورەی کرد.

لەو ماوەیەدا شوانی دەکرد و لە کارەکاندا هاوکاری کەسوکاری دەکرد، مامیشی لەگەڵ خۆی بۆ بازرگانی دەیبرد لەبەر ڕاستگۆیی و دەستپاکی و ڕەفتاری جوانی هەر لە گەنجییەوە نازناوی (الصادق الامین)ی هەڵگرت.

کە تەمەنیشی گەیشتە (٤٠) ساڵ، سروشی لە ئاسمانەوە بۆهات و پەیامی ئیسلامی لە خودای جیهانەوە پێگەیشت و بوو بە پێغەمبەر (د.خ).

سەرەتای پەیامی خودایی بۆ محەمەد (د.خ) بە ئایەتی (ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ...)

وەك یەكەم ئایەتی قورئان، لە سورەتی ( العلق) دەستی پێكرد. ئەم ئایەتە بوە دەسپێكی بانگەواز بۆ ئاینی نوێی ( ئیسلام ) و ئەركی ئەم كارە مەزنە كەوتە سەرشانی محەمەد (د.خ). یەكەم كەسیش كە بڕوای بە پەیامی نوێ هێنا، لە پیاوان ( ابوبكر الصدیق) بوو كە هاوەڵی پێغەمبەر بوو.

لە نێو ژنانیشدا هاوسەری بەڕێزی خۆی ( خدیجە الكبری) و لە نێو مێرد منداڵانیشدا (علی كوڕی ابی تالب)ی ئامۆزای بوو خوایان لێ ڕازی بێت.

## گفتوگۆ

١- پێغەمبەر (د.خ) لە كوێ لە دایك بووە؟

٢- پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر نازناوی چی بوو؟

٣- ئەو پیشە و كارانە كامانە بون كە لە ژیانیدا كردوونی؟

٤- یەكەم ئایەتی قورئان بۆ پێغەمبەرمان ( د.خ) كامەیان بوو هاتە خوارەوە؟

٥- كێ بوون ئەوانەی یەكەمجار باوەڕیان بە پەیامی ( اسلام) هێنا لە پیاوان و ژنان و مێرد منداڵان؟

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بكەوە:

١- باوكی پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) كە ناوی............. پێش لە دایكبونی كۆچی دوایی كرد.

٢- دایكیشی كە ناوی ............. بو دوای ................. ساڵی تەمەنی محەمەد كۆچی دوایی كرد.

٣- ............. ی باپیری سەرپەرشتی دەكرد لە دوای مردنی دایكی محەمەد (د.خ).

٤- تەمەنی پێغەمبەر (د.خ) ............ ساڵان بوو كە یەكەمجار قورئانی بۆ هاتەخوارەوە.

٥- یەكەم كەس لە پیاوان باوەڕی بە پێغەمبەر (د.خ) هێنا...................... بوو، لە ژنانیش........... و یەكەم لاویش ............. بوو.

# وانەی دوازدەیەم

## لە ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ)



گرنگترین پایە لە پێکهاتەی کەسایەتی پێغەمبەرمان (د.خ) ڕەوشتە بەرزەکانیەتی کە هاوشێوەی نییە، ئەمەش بە شایەتی خودای گەورە لە قورئاندا بە ئایەتی: (وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ )[١] هاتوە.

ژیانی پیرۆزی پێشەوامان پڕە لە وێستگەی ڕەوشتی بەرز، لەوانەش، خاکەرایی، وەك تەرخاننەکردنی شوێنی تایبەت بۆ دانیشتنی خۆی، نوستن لەسەر بەڕە و حەسیر، خواردنی سادە وەك هەژارانی نەتەوەکەی، هەرچی لەبەر دەست بوایە ئەوی دەخوارد، هاوکاری خێزانەکانی لە کاری ناو ماڵدا دەکرد و لە کاتی ناساغیدا خزمەتی دەکردن. هەروەها سڵاوی لە هەموو کەس تەنانەت لە منداڵانیش دەکرد ئەگەر بە لایاندا گوزەری بکردایە. زۆر بەسۆز بوو لەگەڵ منداڵی ساوا و بە سینگیەوەی دەگرت. لەمانە و گشت ئاکارە بەرزەکاندا پێشەنگ بوو بۆ هاوەڵانی گشت موسوڵمانان.

(١) ئایەتی (٤) سورەتی القلم

## گفتوگۆ

١- ئەو ئایەتەی قورئان بڵێ کە وەسفی ڕەوشت بەرزی پێغەمبەر (د.خ) دەکات.

٢- ئاماژە بۆ چەند بوارێکی خۆ بە گەورە نەزانین لە پێغەمبەرماندا (د.خ) بکە.

ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە:

پێغەمبەری ئازیزمان (د.خ) لەسەر................ دادەنیشت و............. خێزانەکانی دەکرد لە کاری ناوماڵدا. بەسۆز بوو بۆ................. و بە سنگییەوەی دەگرت، گەر بەلای منداڵاندا گوزەری بکردایە..................لێدەکردن.

## بینوسەوە

خودا دەفەرموێت (وانك لعلى خلق عظيم)

بینوسەوە:

( وانك لعلى خلق عظيم )

......................................................

......................................................

......................................................

......................................................

## نزا

پەروەرگارا.... هەروەك سیما و ڕوخسار و شێوەمت باش ڕێکخستوە، هەروەش ڕەوشتم بەرزوباش بکە.

# وانەی سێزدەیەم

# سەرەنجامی درۆکردن



ڕۆژێك (**هیوا**) و چەند هاوڕێیەکی بەیەکەوە چوون بۆ سەر ڕووبارەکەی نزیك گوندەکەیان بە مەبەستی مەلەکردن، دوای ئەوەی **هیوا** چوە ناو ئاوەکەوە و لێیان دورکەوەتەوە، لە پڕ هاواریکرد: ڕزگارم کەن.. ڕزگارم کەن.. وا دەخنکێم.

هاوڕێکانی بەپەلە بە پیرییەوە ڕۆیشتن، دوانیان خۆیان هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، کە گەیشتنە لای، سەری دەرهێنا و بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی: درۆم لەگەڵ کردن. ئەم ڕەفتارەی هاوڕێکانی سەرسامکرد..!

دوای چەند ڕۆژێك جارێکی تر بەهەمان شێوە ئەم دیمەنەی دوبارە کردەوە، بەڵام **هیوا** کەوتە ژێرئاو تا دەمولوتی پڕ ئاو بو. هەرچەند هاواری کرد و دەستی دەرهێنا، هاوڕێکانی بڕوایان پێنەکرد و متمانەیان بە قسەکانی نەکرد، بۆیە بە پیرییەوە نەچوون نەوەك وەك جاری پێشویان ڕاست نەکات.

بەڵام **پیاوێك** کە لە کەناری ڕووبارەکە نزیکی وەستابوو چووە پێشەوە و بەهانایەوە چوو، ڕزگاریکرد و پاش هەناسە پێدان و یارمەتیدانی هۆشی بە بەرداهاتەوە. بینی هاوڕێیکانی لە دەوری وەستاون بۆیە بەشەرمەوە، گوتی: داوای لێبوردنتان لێدەکەم، هەڵەی خۆم بو وانەیەك فێربوم هەرگیز لەبیری ناکەم..!

## چالاکی

بەم وشانەی خوارەوە بۆشاییەکان پڕبکەوە:

( درۆکردن، ڕاستگۆیی، درۆزن، قەدەغەیە، ڕزگاربون )

١- .................. خاوەنەکەی دەبات بۆ بەهەشت و............. دەیبات بەرە و دۆزەخ.

٢- .................. لە ڕاستگۆییدایە.

٣- درۆکردن لە ئیسلامدا......................

٤- متمانە بە...................... ناکرێت.

## گفتوگۆ

١- بۆچی هاوڕێکانی (هیوا) بڕوایان بە قسەکانی نەکرد لە جاری دووەمدا؟

٢- کێ بو (هیوا)ی لە خنکان ڕزگار کرد؟

٣- دواجار (هیوا) چ بەڵێنێکی بە هاوڕێکانیدا؟

## نزا

(لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ)

خودایە...... جگە لە تۆ خودای دیکە نییە، پاك و بێگەردی هەر بۆتۆیە، من ستەمم لە خۆم کردووە



# وانەی چواردەیەم

## جێنشینە ڕێبەرەکان ( ڕێنیشاندەرەکان )

١- جێنشینی یەکەم: ابو ( بکر ) ی الصدیق ( خودای لێ ڕازی بێت ).
٢- جێنشینی دوەم: ( عمر) ی کوڕی الخطاب ( ڕ. خ).
٣- جێنشینی سێیەم: ( عثمان ) کوڕی عفان ( ڕ. خ ).
٤- جێنشینی چوارەم: ( علی) کوڕی ابی طالب ( ڕ. خ).

ئەم هاوەڵانەی پێغەمبەر ( د. خ ) بەو ڕیزبەندەی سەرەوە کرانە جێنشنی پێغەمبەر، بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی موسوڵمان. خزمەتی ئاین و هاوڵاتیانیان دەکرد، نمونەی هەرە بەرزی دڵسۆزی و هاوکاری و خۆشەویستی بون بۆ پێغەمبەر ( د. خ ) و ئاینی ئیسلام.

دادپەروەرانە دەجوڵانەوە بۆیە ئەرکی سەرشانمانە خۆشمان بوێن.

### چالاکی

نیشانەی ڕاست یان هەڵە بۆ هەر ڕستەیەك دابنێ:

١- جێنشینە ڕێبەرەکان ژمارەیان ( ٥ ) کەسە.
٢- دوای کۆچی پێغەمبەر (د.خ) جێنشینە ڕێبەرەکان کاروباری موسوڵمانانیان گرتە دەست.
٣- خۆشەویستی جێنشنی ڕێبەرەکان لەسەر موسوڵمانان پێویست نییە.
٤- جێنشینە ڕێبەرەکان بەرگریان لە ئیسلام دەکرد.

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەوە:

جێنشینی یەکەم ............. بو، دوەمیش.............. و سێیەم جێنشین.............
چوارەمیش...................... بو.

## بینوسەوە

جێنشینە ڕێبەرەکان هاوەڵانی پێغەمبەر بوون (د.خ) و کرانە جێنشینی

.............................................

.............................................

.............................................



# ناوەرۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەكی | ٣ |
| | **وەرزی یەكەم** | |
| وانەی یەكەم | چەند ڕەوشتێكی موسوڵمان | ٥ |
| وانەی دووەم | لە ناوە پیرۆزەكانی خودا | ٧ |
| وانەی سێیەم | باشترین هاوڕێ | ٩ |
| وانەی چوارەم | باوەڕ بە خودا | ١١ |
| وانەی پێنجەم | باوەڕ بە پێغەمبەران و نێردراوانی خوا | ١٣ |
| وانەی شەشەم | فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە | ١٥ |
| وانەی حەوتەم | ڕزگاركردنی مەككە | ١٧ |
| وانەی هەشتەم | سورەتی ( القریش) | ١٩ |
| وانەی نۆیەم | سورەتی ( الماعون) | ٢١ |
| | **وەرزی دووەم** | |
| وانەی دەیەم | ئیسلام ئاینی بەزەییە (بەسەرهاتی سەگێكی تینوو) | ٢٥ |
| وانەی یازدەیەم | كورتەیەك لە ژیانی پێغەمبەری مەزن محەمەد (د.خ) | ٢٨ |
| وانەی دوازدەیەم | لە ڕەوشتە بەرزەكانی پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) | ٣٠ |
| وانەی سێزدەیەم | سەرەنجامی درۆكردن | ٣٢ |
| وانەی چواردەیەم | جێنشینە ڕێبەرەكان (ڕێنیشاندەرەكان) | ٣٤ |
| | ناوەرۆك | ٣٦ |
| | | |